نەخشەکان: (Ornaments)

یەکێک لە خەسلەتە هەرە گرنگەکانی موزیکی باڕۆکی (Baroque Music) ئیدی جۆری ئۆپێرایی (Operatic) بێت یان ئامێری (Instrumental) ڕازاندنەوە و ئارایشکردنی ئاوازەکانە، کە بە کۆمەڵیک هێما و نۆتەی بچووک هێما دەکرێن. لە سەردەمی باڕۆکدا بەم ئارایشتکردنانە وتراوە نەخشەکان (Ornaments) یان نۆتە ناسکەکان (Grace-notes).

بە جێهێنەرانی سەدەی حەڤدەهەم ئەم نەخشانەیان هەمیشە بە ئارەزووی خۆیان دەژەنی واتە هەر کەسەو بە جۆریک. بەڵام دواتر دانەرانی سەردەمانی پاشتر ڕێگەیان بەوە نەدا و ئەو شێوە ژەنینەی دەیانویست بە ڕوونی دەیاننوسیەوە. هەمیشە نۆتەکانی نەخشەکان بەوە لە نۆتە ئاساییەکان جیادەکریتەوە کە لە نۆتە ئاساییەکان بچوکتر دەنوسرین. وە کاتەکانیان لە کاتی نۆتە نەخشینراوەکە وەردەگرن. کە بەشیوەیەکی ئاسایی لە خانەیەکدا جێگایان دەبێتەوە.

وەک ئەم نموونەی خوارەوە.







جۆرەکانی ئاپۆجیاتۆرا

1 -جۆری یەکەم/ ئاپۆجیاتۆرا (Appoggiatura) نۆتەیەکی نەخشاندنە گەر لە پێش نۆتەیەکدا دابنریت کە نۆتەکە توانای دابەشبوونی بەسەر دوو بەشی یەکساندا دا هەبێت ئەوە نیوەی کاتی نۆتەکە دەبات. وەک ئەم نمونەی خوارەوە.



2 -جۆری دووەم/ ئەگەرهاتوو ئاپۆجیاتۆرا لە پێش نۆتەیەکی خاڵدار دانرا کە نۆ تەکە توانای دابەشکردنی بە سەر سێ بەشی یەکساندا هەبێت. لەو بارەدا دوو لەسەر سێ ی کاتی نۆتەکە دەبات کە نەخشێنراوە.




ئاکاسیاکاتۆرا (Acciaccatura) (نۆتەی پلیشاوە) نۆتەیەکی دیکەی نەخشاندنە کاتێکی زۆر کورت و خێرا لە نۆتەی نەخشێنراوە وەردەگرێت هەروەک ئاپۆجیاتۆرا دەنوسرێت بەڵام هێڵێکی کورت بە سەر کلکەکەیدا دەهێنرێت.



هەمیشە نۆتەکانی ئاپۆجیاتۆرا و ئاکسیاکاتۆرا بە هۆی کەوانی بەستن بە نۆتەی سەرەکیەکە دەبەسترێنەوە وە هەمیشە ئاراستەی قەدەکانیان بە پێچەوانەی ئاراستەی قەدەکانی نۆتە سەرەکییەکانەوە دەبن.

وشەی نەخشەکان (Ornaments) تەنها بۆ نۆتە بچووکەکان بەکارناهێنرێت بەڵکو بۆ کۆمەڵیک هێمای دیکەش بەکاردەهێنرێت کە بۆ ئارایشکردنی نۆتەکان بەکار دەهێنرێن و گرنگترینیان ئەمانەن: مۆڕدینت (Mordent) تێرن (Turn) ترێڵ (Trill or Shake) کە لێرە لە سەر هەریەک لەم نەخشانە چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو.

مۆڕدینت (Mordent) : - دوو جۆرمان هەیە کە بریتین لە:

مۆڕدینتی سەروو (Upper Mordent)




مۆڕدینتی خواروو (Lower Mordent)



کاتێک هێمای پێچدانەوە لە سەر نۆتەیەک دادەنریت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.




کاتێک هێمای پێچدانەوە لە نێوان دوو نۆتە دادەنریت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.



کاتێک هێمای پێچدانەوە لە سەر  نۆتەی خالدار دادەنریت دوا نۆتەی پێچدانەوەکە یەکسان دەبێت بە نرخی خاڵەکە.




کاتێک هێمای لەرزین واتە ترێڵ (Trill) لە سەر نۆتە دادەنرێت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.



نەخشەکان بە پێی شیوەی دەستەواژە (Phrase) و بە پێی ڕێژەی تیژرەوی (Tempo) یان نە پێی ئەو سەردەمەی کە موزیکەکەی تێدا دانراوە دەگۆڕیت. بۆیە ناشیت لە ژەنینی نەخشەکاندا بۆ گشت جۆرەکانی موزیک هەمان یاسا پەیرەو بکرێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە چەرخی بارۆکدا هەمیشە لەرزینەکان (Trills) و پێچدانەوەکان (Turns) لە نۆتەی سەرەوە دەستیان پێدەکرد ئەم نەریتەش بە دریژایی سەدەی هەژدەهەم دریژەی کێشا.

ئارپێچیۆ:- Arpeggio وشەی ئارپێچیۆ واتەی بە شیوازی ئامێری هارپ دەبەخشی. لە بەر ئەوەی لەم ئامیرەدا نۆتەکانی کۆرد هەمیشە لە جوارەوە بۆ سەرەوە دەژەنرێن و بەدوای یەکدادێن. ئارپێچیۆی کۆڕد هەمیشە لە سەرەتای ترپە دەست پیدەکات هەریەک لە نۆتەکانی هەتاکۆ کۆتایی کۆڕدەکە درێژدەکریتەوە. بە لام ناشیت نۆتەکان لە پێش ترپەوە دەست پێ بکەن.

کە ئارپێچیۆ بەبی بەکارهینانی هێماکەی بنوسریت ئەوە نۆتەکانی بە ترێبڵ کرۆش دەنوسرێتەوە و هەر نۆتەیەکیش هەتا کۆتایی کۆڕدەکە بەردەوام دەبێت. وەک ئەم نمونەی خوارەوە.



کاتێک ئارپێچیۆ بۆ ئاوێزێکی درێژتر لە نوار دادەنرێت هەمیشە نۆتەکاتی هەر بە پێی نوار دەنوسرێت پاشان ئەو کاتەی لە نۆتەی ئاوێزەکە دەمێنێتەوە پێوەی دەلکێنرێت. وەک ئەم نمونەی خوارەوە.




پرۆڵتریلێر ((Pralltriller)) یان مۆردێنتی سەروو (Upper Mordent) هێمالەی بەم شیوەیە  لە سەر نۆتە دادەنرێت و نۆتەکە دەنەخشێنێت و دەیکات بەم سێ کەرتەی خوارەوە.

یەکەم/ نۆتەی سەرەکی


دووەم/ نۆتەی یاریدەدەری سەروو

سێیەم/ هەمان نۆتەی سەرەکی یەکەم دووبارە دەبتەوە

بەم شیوەی خوارەوە.




هەمیشە کاتی ئەم سێ نۆتەیە پشت بە تیژڕەوی یان تیمپۆی پارچە موزیکەکان دەبەستێت بۆ نمونە گەر تیژڕەویەکە لە Andante واتە بە شێنەیی خاوتربێت ئەوە کاتی دوو نۆتەی یەکەم بە کاترێیل کرۆش دەخوێنرێتەوە. وەک ئەم نمونەی خوارەوە.





گەر تیژڕەوی مام ناوەندی بێت واتە گەر لە Andante خێراتربێت، بۆ نمونە Moderato بوو. ئەوە هەردوو نۆتەی یەکەم بە ترێیڵ کرۆش داخوێنریتەوە.




گەر تیژڕەوی خێرابێت واتە Allegro یان زیاتر بێت، ئەوە دوو نۆتەی یەکەم بە دەبڵ کرۆش دەخوێنرێتەوە.




کاتێک گۆرانی لە ناکاو واتە دێز و بیمۆڵ و ناچراڵ لە سەر هێمای مۆڕدێنتی سەروو دەدەنرێت ئینجا دێز بێت یان بیمۆڵ ئەوە کاردەکاتە سەر نۆتەی ناوەراست واتە نۆتە یاریدەدەرەکە. ئینجا ئەگەر ئەو هێمایەی کە لە سەر مۆڕدێنتەکە دانراوە دێز بوو بۆبێت نۆتەکەی ناوەراست دێز لێ بدرێتە بەڵام ئەگەر بیمۆڵ بوو دەبێت نۆتەکەی ناوەڕاست بیمۆڵ لێ بدرێت. وەک ئەم نمونەی خوارەوە.



١١ – مۆڕدێنت (Mordent) ( ): - بە هەمان شیوەی مۆردێنتی سەروو نۆتە دەنەخشێنێت و دەیکات بە سێ کەرتەوە بەڵام کەرتی دووەمی واتە نۆتەی ناوەراستی لە جیاتی ئەوەی نۆتەی سەرەوە بێت نۆتەی خوارەوە دەبێت کە پێی دەوترێت نۆتەی یاریدەدەری خواروو. هەروەها بە هەمان شیوەی مۆردێنتی سەروو دەشیت هێمای دێزوو بیمۆل لە ژێر هێمای مۆڕدێنت هەبێت بە هەمان شیوە کار لە نۆتەی ناوەڕاست دەکات. وەک ئەم نمونەی خوارەوە.



هەڵەیەکی بڵاوە هێمای ـٚـ مۆڕدێنتی سەروو بۆ مۆردێنت ـٛـ بەکاردێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی وشەی سەروو Upper بۆ مۆڕدێنتی سەروو بەکاربهێنریت کەواتە هێمای مۆردێنت بریتییە لە ـٛـ ئەم شیوەیە و مۆڕدێنتی سەرووش بەم شیوەیە ـٚـ .